


USAID | العراق
من الشعب الامريكي

MercyCorps
Be the change

# لێهاتویی
# بەدواداچون و هەڵسەنگاندن

ئامادەکردنی
مافپەروەر مهدی مغدید قادر

2015

ICNL
The International Center for Not-for-Profit Law
المركز الدولي لقوانين منظمات المجتمع المدني

Internews
Local voices. Global change.

Mercy Hands
For Humanitarian Aid
جمعية أيادي الرحمة الانسانية

PAO
ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی

# لێهاتویی بەدواداچون و هەڵسەنگاندن

ئامادەکردنی : مافپەروەر مەهدی مەغدید قادر

2015

## ناوەرۆك


- بیرۆکەیەك لەبارەی پرۆژەکەوە
- پرۆسەی بەدواداچون
- جۆرەکانی بەدوادا چون
- شێوازو رێگاکانی بەدوادا چون
- ئامارەکان
- دارشتنی پلانی بەدوادا چون
- نوسینی پلانی بەدوادا چون
- سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کەسی بەدواداچو
- دە ئامۆژگاریی بۆکۆمێنت دان لەسەر ئەنجامدان
- هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان
- جۆرەکانی هەڵسەنگاندن
- دارشتنی پلان بۆهەڵسەنگاندنی پرۆژەیەك
- نمونە(سامپڵ)
- رێگاو پێناوەکان لەپرۆسەی هەڵسەنگاندندا
- نوسینەوەی راپۆرتی هەڵسەنگاندن
- جیاوازیی لەنێوان بەدواداچون و هەڵسەنگاندندا

# بیرۆکەیەك دەربارەی پرۆژەکە

فراوانبونـەوەی بەشـداریکردن لـەرێگای کۆمـەڵگای مەدەنییـەوە(بەشـداریکردن پرۆژەی بەهێزکردنی بەشداریکردنی کۆمـەڵگای مـەدەنی/ هاووڵاتیی کەسێ ساڵە ئاژانسی گەشەکردنی نێودەوڵەتی ئەمریکا باربوی ئەکات، رێکخراوی میرسی کورو یەکێتی کۆمپانییەکانی کەپێك هاتوە لەئینتەر نیوزی ئـەمریکایی (Internes) و سـەنتەری نیـودەوڵتی و یاسـاکانی رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی(ICNL) و رێکخراوی (MH) و رێکخراوی فریاگوزاری میللی (PAO).

ئامـانجی پرۆژەکـە گەیانـدنی سیسـتمەکانی دیموکراسـییە لـەعێراق بـەرەو زیـاتر بەشـداریکردن و وریاییـە لەکۆمەڵگایـەکی مەدەنییـەوە بەشـێوەیەکی بـەردەوامی زیـاتر بەشـداریکردنی هاووڵاتیـان و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی بکـات، لـەماوەی هـەمو قۆناغـەکانی پرۆژەکـەدا جـەخت لەپشـتگیریی ئـەو دەستپێشـخەریانە ئـەکرێت کەمەبەسـتیان: فراوانکردنـەوەی بەشـداریکردنی چـالاکانەی هاووڵاتیانـە لەپرۆسـەکانی گەشـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و دیموکراسـی لەعێراقـدا، هـەروا بـەهێزکردنی تواناکـانی رێکخسـتن و دامـەزراوەیی کۆمـەڵێك لەبنـەماکانی رێکخراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی و کاریگـەری زیـاتری کۆمـەڵگای مـەدەنی لەسـەر دروسـتکردنی بریـاری سیاسـەتە گشـتییەکان و باشـترکردنی ژینگـەی یاسـایی و رێکخسـتن و تواناکـان کـەرێکخراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لەچوارچـێوەیدا کـار ئەکات، هەروا بنیاتنان پشت بەشارەزاییەکانی دەستەجەمعی کەزیاتر لە 9 ساڵە لـەبواری یارمەتیـدانی مـەدەنی ئەوانـەی زەرەرمەنـدن لەئـەنجامی شـەڕەکاندا لەعێراقدا کار ئەکات.

# پرۆسەی بەدواداچون

## پێناسەکردنی چەمکی بەدواداچون:

بریتیە لەپرۆسەیەکی خاوەن پلانبۆدارێژراو و دیسپلینی بەردەوام، بەدرێژایی تەمەنی پرۆژەکە ئەنجام ئەدرێت لەپێناوی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی بەکارخستن و دەستکەوتەکانی پرۆژەکەو کاریگەرییەکانی، دواتر ئامادەکردن و گەیاندنی بەکارگێڕیی پرۆژەکە یاخود هەر لایەنێکی تری پەیوەندیدار بەمەبەستی یارمەتیدان لەپێناو بڕیاردانی گونجاو بۆجێبەجێکردنی پرۆژەکە بەسەکەوتویی روەو بەدیهاتنی ئامانجە دارێژراەکان).

( بریتیە لەپرۆسەیەکی بەردەوام بۆکۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان و داتای پرۆژەکان و پرۆگرامەکانی لەپێناو دەستنیشانکردنی ئاستی سازانی رەوتی چالاکیەکانی پرۆژەکە لەگەڵ ئەو پلانەی کەبۆی دارێژراوە بەمەبەستی دەرخستنی باری هەنوکەی پرۆژەکەو تیشکخستنە سەر بەرزو نزمی ئاستی بەڕێوەچونی پرۆژەکان).

هۆیەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی بەدواداچون:

بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری وردو پوخت لەکاتی خۆیدا لەبارەی چالاکییەکانی پرۆژەکەوە بەدەستەی کارگێڕیی پرۆژەکە لەپێناو بڕیاردانی تایبەت بەم خاڵانەی خوارەوە:

- سەرچاوەی مرۆیی
- خشتەی کات
- بەدەستهێنانی سەرچاوەو داهات
- ئاستی کوالیتی و توانای ئەنجامدان
- کارگێڕیی دارایی و بودجە

## ئەرکەکانی پرۆسەی بەدواداچون:

- بڕیاردانی بەجێ
- سودوەرگرتن لەوشارەزاییەی کەبەدەست هاتوەو بەکارهێنانی لەپلانەکانی ئاییندەدا وەك فاکتەرێکی یاریدەدەر.

## ئامانجەکانی بەدواداچون:

بەدواداچون دەستەبەری سەرجەم ئەوزانیاری و داتایانە ئەکات کەپەیوەستن بەچالاکییەکانی پرۆژەکە تائەوەندەی کەجێبەجێکراون، ئەمەش کارئاسانی بۆشیکردنەوەی باری ئیستای پرۆژەکە ئەکات و بەراوردکاریی بۆئەو ئامانجانە ئەکات کەتاوەکو ئیستا بەبێ پلان ئەنجامدراون بەتایبەتیش دڵنیابون لەوەی کە:

+ جێبەجێکردن بەپێی خشتەی پلانبۆداڕێژراو دەچێتە پێشەوە.

+ تێچوی ئەو بەشەچالاکیانەی کەجێبەجێکراون لەسنوری بودجەی دەستنیشانکراو بۆیان و تێنەپەڕیوە.

+ پێناو و ئەنجامە(مدخلات ومخرجات)کانی پرۆژەکە ئەگاتە دەست ئەو کەسانەی کەمەبەستن لەکات و شوێنی گونجاودا.

+ جێبەجێکردن بەپێی ستاندارەکانی چەندایەتی و جۆرایەتی کەلەگەڵ مەرجە هونەرییەکاندا تێکدێنەوە.

+ بەکارهێنانی توانا مرۆییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر.

+ دەستکەوتەکانی پرۆژەکە بەپێی ئەوپلانە ئەروات کەبۆی داڕێژراوە.

+ بەدیارکەوتنی کاریگەرییەکانی پرۆژەکەو زانینی ئاستی بەدیارکەوتنەکەیان.

+ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکان و هەڵوەستەکردن لەسەر لایەنەکانی پێویستییان بەباشترکردن هەیە.

+ دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کەکۆسپن لەجێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، بۆئەوەی ڕێگاچارەی گونجاویان بۆبدۆزرێتەوە.

## سەرچاوە مرۆییەکان:

| ئاسەوارەکانی نەبونی پرۆسەی بەدواداچون | |
|---|---|
| دواکەوتن و تەواونەکردنی کارەکارەکان | دەستبلاوی لەتێچو و بەکارهێنانی کەرەستەکاندا |
| درەنگ چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگ و کێشانە کەروبەروی کارەکان ئەبنەوە | دژیەکی نێوان ئەو لایەنانە کەبەشدارن لەجێبەجێکردنی چالاکییەکانی پرۆژەکەدا |

## جۆرەکانی بەدواداچون:

### أ- لەروی سروشتی بەدواداچونەوە:

1- بەدواداچونی هونەریی:

بەدواداچونی هونەریی بۆشوێنی پرۆژە، بریتییە لەپێشاندانی ئەو کارانەی کەتەواوکراون لەبەرامبەر ئەوەی خەرجکراوە لەبەکاربەریی وەبەرهێنەکان و بەراوردکردنی ئەوکارانەی کەجێبەجێکراون بەگوێرەی ئەوانەی کەلەپلانی پرۆژەکەدا بەوردی باسکراون لەروی شوێن و مەرجەکان و ئەوسەرچاوانەی کەلەدروستکردنی پرۆژەکەدا بەکارهاتون و ئەو گۆڕانکاریانەی لەجێبەجێکردنی پرۆژەکەدا زیادکراون و هۆکارەکانیان و کاریگەرییەکانیان لەسەر هێنانەدی ئەوئامانجەی کەپەیوەستن بەپرۆژەکەوەو ئەو ئاستەنگانەی کەدێنە بەردەم جێبەجێکردنەکە چ سروشتی بن یا بەهۆی باروودۆخی دەرەکییەوە بن، بۆیە ئەم جۆرە بەدواداچونە بەشێوەیەکی بەردەوام و رێك و پێك و رۆتینی بەدرێژایی تەمەنی جێبەجێکردنی پرۆژەکەکە ئەنجام ئەدرێت.

## 2- بەدواداچونی دارایی:

بەدواداچـــونی دارایـــی جۆرێکـــە لـــەجۆرەکانی بەدواداچـــون و لـــەکاتی جێبـەجێکردنی پرۆژەکانـدا پـەنای دەبرێتـە بـەر، مەبەسـت لـەم جۆرەیـان هەڵوەسـتەکردنە لەسـەر ئەوگوژمانـەی کەلەجێبـەجێکردنی پرۆژەیـەکی دەستنیشـانکراودا خـەرجکراون و بەراوردکردنیانـە بەوگوژمـە سـەرەکییەی کەبۆتەواوی پرۆژەکە دابینکراوە.

**دەتوانرێت ئەم جۆرەیان لەچەند ماوەیەکی جیاوازدا ئە نجام بدرێت، وەك:**

+ مانگانە: لەکاتێکدا کەرێکخراوەکە کرداری بەدواداچونی دارایی بەشێوەیەکی مانگانە ئەنجام ئەدات.

+ وەرزی (سێ مـانگ جارێـك): لـەم جۆرەیانـدا ئـەبێت رێکخراوەکـە راپـۆرتی وەرزیانەی خۆی ئامادە بکات بەمەرجێك پێش کۆتایی دوامانگی وەرزەکـەبێت، تـا ئـەو بـوارە بڕەخسـێت تابڕیـاری گونجـاو بـدرێت لەبـەر رۆشـنایی داتـاو هاوکێشەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەکاتی خۆیدا.

+ سالآنە: ئەم جۆرەشیان لەپێناو پێشاندانی تێکڕای جێبـەجێکردن و تێکـڕای ئـەدای ئـابوری پرۆژەکـەو دەرخسـتنی لایەنـە ئەرێنییـەکانی پرۆسـەی جێبـەجێکردن و چـۆنیەتی زاڵبـون بەسـەر لایەنـە نەرێنییـەکانی پرۆسـەی جێبەجێکردندا پەیڕەو ئەکرێت.

**لەروی سەرچاوەکەیەوە:**

### 1- بەدواداچونی ناوخۆیی:

ئـەم شـێوە بەدواداچـونە بەشـێوەیەکی سـەرەکی تایبەتەمەنـدە بـەبوارەکانی جێبـەجێکردنی چـالاکییەکانی خـودی پرۆژەکـەو ئامانجیشـی بەرچـاورونی بەرێوەبـەرەکانی پرۆژەکـەو سەرپەرشـتیارانی جێبـەجێکاری پرۆژەکەیـە

بەئاستی بەرەو پێشەوەچونی پرۆسەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەمە جۆرە بەدواداچونەش بەسەرپەرشتی دەستەی کارگێڕیی پرۆژەکە ئەنجام ئەدرێت.

**2- بەدواداچونی دەرەکی:**

ئەم جۆررەیان بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەتە بەئاستی بەرەوپێشچونی پرۆژەکە بەشێوەیەکی گشتی و هاوتەریب لەگەڵ ئەو چوارچێوە (تەنزیمی و مەنتیقیەی) کەبەهۆیەوە پرۆژەکە جێبەجێ ئەکرێت.

| جۆرەکانی بەدواداچون | |
|---|---|
| أ – بەپێی سروشتەکەی | ب – بەپێی سەرچاوەکەی |
| ✶ بەدواداچونی هونەریی | ✶ بەدواداچونی ناوخۆیی |
| ✶ بەدواداچونی دارایی | ✶ بەدواداچونی دەرەکی |

**شێوازو ڕێگاکانی بەدواداچون:**

دەتوانرێت پرۆسەی بەدواداچون کەدەستەی کارگێڕیی پرۆژەکە دەستنیشانی ئەکات بەچەند شێوازو ڕێگایەك جێبەجێبکرێت:

بەرەچاوکردنی گونجاوترین شێواز یان ڕێگا، دەوەستێتە سەر چەندین هۆکارو فاکتەر، لەوانە: توانای ئەو کەسانەی کارەکانیان پێدەسپێردرێت و کاتی گونجاو بۆتەواوکردنی کارەکەو ئەوکەسانە دابینکراوە، تایبەتمەندیی ئەم شێوازانە لەوەدایە کەزانیاریی و داتاکان لەروی چەندایەتییەوە لەبارەی ئاستی چونیەکی و سازانی رەوتی پرۆژەکە بەوپلانەی کەداڕێژراوە بۆپرۆژەکە، کۆئەکاتەوە.

هەندێك لەوشێوازانەی کەلەپرۆسەی بەدواداچوندا بەکار دێن، ئەمانەی خوارەوەن:

+ ئاگاداربون لـەوراپۆرتو تۆمارانـەی کەلەلایـەن ئەوکەسـانەی کەلەپرۆژەکـەدا کارئەکـەن ئامــادە ئــەکرێت بەشــێویەکی بــەردەوام و دیکــۆمێنتکردنی ئــەو چالاکییانەی ئەنجامدراون.
+ سەردانی مەیدانی شوێنی پرۆژەکە بەمەبەستی بیـنین و تێبینیکردنـی وردو دیسپلینکراو بۆشوێنی ئیشەکان و سودمەندەکان و ئاسـتی کـاری کارمەنـدەکانی پرۆژەکە.

3- چــاوپێکەوتن و کۆبونــەوە لەگــەڵ کارمەنــدانی پرۆژەکــەو لایەنــە بەشداربوەکان و سودمەندەکان، چ بەتەنیا بێت یان بەجەماعی.
4- لەکاتی بەدواداچونی سودمەندان و ئەندامانی تیمی کارەکەدا، پەنادەبرێتـە بەر بەکارهێنانی لیستەکانی پشکنین و دانیشتنی لێوردبونەوە.

**ئامـاژەکان:**

مەبەسـت لـەئاماژە ئــەو پەیوەندییەیــە کارەکــە نیشـان ئــەدات بۆهێنانــە دی ئامانجەکان یاخود چالاکییەکان.

بۆهــەر یــەك لەچــالاکییەکان یــا ئامانجــەکان چــەندین ئاماژەهەیــە، چــونکە ئاماژەکـان یارمەتیـدەرن بـۆ زانینـی ئاسـتی پێشـکەوتن و پێوانـەکردنی ئـەو گۆڕانکاریانەی کەروویانداوە.

ئاماژەکانیش پێکدێن لـەزیاتر لەپێوانەیـەك و بەشـێوەی ژمـارەیی گوزارشـتیان لێوە ئەکرێت. وەك:

1- ڕێژە: ڕێژە بۆدوو جۆر دابەش ئەبێت:

أ- ئەو ريژەيـەى كەمەبەست ليـى پەيوەنـدى نيـوان بەشـيك لەشـتيك و كۆى هەمو ئەو شتەيە(بەشيك لەهەمو)، بۆنمونـە: كايـك ئـەلين 50٪ دانيشتوانى گوندى (س) بيرى پيسايان هەيە.

ب- ئەو ريژەيـەى كەمەبەسـت ليـى پەيوەنـدى نيـوان دوو شـتى جيـاوازە، بـەلام پەيوەسـتن بەيەكـەوە وەك ژمـارەى مامۆسـتايان بۆژمـارەى خوينكاران لەخويندنگا سەرەتاييەكاندا لەشـوينيكى دەستنيشانكراودا (بۆنمونە: بلين هەر بيست خويندكار مامۆستايەكيان بەرئەكەويت).

2- تيكـرا: بۆنمونـە: ئـەلين تيكـراى مردنـى منـدالان .. واتـە مەبەسـت لـەكۆى ژمـارەى ئـەو مندالانەيـە كەلـەخوار تەمـەنى يـەك سـالين و ئەمرن، بۆهەر هەزار مندال كەلەو سالەدا لەدايك ئەبن.

## جۆرەكانى ئامارەكانى بەدواداچون:

+ ئامارەكـانى ئـەداكردن: مەبەسـت لەچـەندايەتى پينـاو(مـدخلات)ى ئەوپرۆسـانەيە كەئەنجامـدراون لـەكاتى جيبـەجيكردنى چـالاكييەكانى پرۆژەكەدا.

+ ئامارەكانى سەركەوتن يا ئاسەوارو ئەنجامەكان: بريتييە لەپيشاندانى ئاستى كاريگەرييـەكانى لەئـەنجامى چـالاكييەكان يـا بەرنامـەكانى هاتونەتـە دى، بۆنمونە: دابـەزينى ريـژەى توشبون بەنەخۆشى (بـەلهارزيا) دواى ئەنجامـدانى هەلمـەتى نەهيشـتنى نەخۆشـى بـەلهارزيا لەگونـدى (ص)، كەرەنگـە ئـەوە ئامارەيەك بيت بۆئاسەوارى ئەنجامدانى ئەو هەو هەلمەتە.

## سیفەتەکانی ئامازەی باش ( سەرکەوتو ):

+ ئەبێت دەستنیشانکراو بێت لەروی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.

+ ئەگەر توانرا بەیەکێك لەپێناوەکانی پێوانەکردنی بەکارهاتو پێوانە بکرێت.

+ ئەگەر هاتو پەیوەندی هەبو بەئامانجەکانی پرۆژەکەوە.

**نمونەیەك بۆ(ئامازە):**

ئامانج: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی لەبارەی دەستنیشانکردنی منداڵبون بۆهەزار ژن لەگوندی (س) لەکۆتایی پرۆژەکەدا، ئەمەش لەرێگای ئەنجامدانی زنجیرەیەك دانیشتن و سەردانیکردنی ماڵان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستییەوە.

## ئامازەی ئەداکردن:

+ زۆربونی ژمارەی ئەو ژنانەی بۆدانیشتنەکان دێن.

+ زیاترکردنی ژمارەی ئەوسەردانیکردنانەی کەکارمەندەکانی پرۆژەکە(ژنانی خاوەن هۆشیاریی تەندروستی) بۆماڵی ئەو ژنە ناهۆشیارانە ئەیکەن، ئەوانەی کراونەتە ئامانجی ئەم پرۆژەیە.

## ئامازەی ئاسەوارەکە:

زیادبونی ژمارەی ئەو ژنانەی کەسەر لەیەکەکانی تەندروستی ئەدەن بەمەبەستی بەکارهێنانی پێناوەکانی رێکخستنی خێزان و پەیرەوکردنی رێنماییەکان،

+ دارشتنی پلانی بەدواداچون: پلانی بەدواداچونەکە پێش دەستکردن بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە ئامادە ئەکرێت و دائەرێژرێت لەقۆناغی پلاندانانداا

بۆئەنجامـــدانى پرۆژەكـــە، بـــەجۆرێك كەلەبەدواداچـــونى جێبـــەجێكردنى چالاكييەكانى پرۆژەكەدا بەكار ئەهێنرێت.

## مەرجە سەرەتاييەكانى دانانى پلانى بەدواداچون:

لـەپێناوى دانـانى پلانێكـى بەدواداچـونى بۆپرۆژەيەكـدا ئـەبێت لەپێشـدا ئـەم مەرجانەى خوارەوە فەراهەم بكرێت:

1- پلانى جێبەجێكاريى چالاكييەكانى پرۆژەكە.
2- ئامانج چييە لەپرۆسەى بەدواداچون(دەستنيشانبكرێت)؟.
3- دەستنيشانكردنى كات لەپرۆسەى بەدواداچوندا.
4- دەستنيشانكردنى شێوازو رێگاكانى بەدواداچون.
5- دەستنيشـــانكردنى رۆڵ و بەرپرســـياريەتييەكان چ لەســـەر ئاســـتى جێبەجێكردن يا لەسەر ئاستى بەدواداچون.
6- دانانى پێوەرەكانى ئەداكردن (ئاماژەكان).



| ئامانج | ئەنجامەکان(مخرجات): | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | چالاکی | ئاماژەکانی ئەدا | ئاماژەکانی سەرکەوتن | پێناوەکانی بەدواداچوون | پێناوەکانی هێنانە دی | بەدوادا چون | بەڕواری بەدواداچون |
| 1 | | | | | | | |
| 2 | | | | | | | |
| 3 | | | | | | | |

## نمونە (کلیشە) پلانی بەدواداچونی چالاکییەکان

**پرۆژەی :** ..........................

**نوسینی ڕا پۆرتەکانی بەدواداچون:**

پێویستە زانانیاری و داتاکانی بەدواداچون ئەوانەی لەراپۆرتە دەورییەکاندا باس ئەکرێن (سادەو وردن و بەراستی گوزارشت لەواقیعی کارەکە بکات و لەهەمانکاتدا خێراو هەنوکەیی بن و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوداوەکەدا یا لەگەڵ گۆڕانکاییەکەدا بەرزبکرێتەوە بەسەروتر)، چونکە دەستەی کارگێڕیی لەبڕیارەکانیدا پشت بەم راپۆرتە ئەبەستێت ... بۆنمونە: ئەگەر کێشەیەك رویدا لەکاتی جێبەجێکردندا یا کەموکوڕییەك لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی جێبەجێکردندا، دەبێت یەکسەر کارگێڕیی لێ ئاگادار بکرێتەوە تاوەکو بتوانرێت ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆڕوبەڕوبونەوەی ئەو ڕەوشە نوێیەی هاتوەتە پێش و بەزوترین کات بەر لەهەر لەکارکەوتنێکی تر کەئەکری بەدوایدا بێت و جێبەجێکردنی پرۆژەکە زیاتر دوا بخات.

لەلایەکی ترەوە ئەوزانیاریانەی کەدرەنگ ئەگەنە دەست و ماوەیەکی زۆر دوای روداوەکە بەرزئەکرێنەوە وێنەی راستەقینەی باری ئیستای جێبەجێکردنی پرۆژەکە نادات بەدەستەوەو بەمەش زانیاری بێسودو ناکاریگەر ئەبێت لەدەرکردنی بڕیارەکاندا، هەروا پێویستە راپۆرتەکانی بەدواداچون رەنگدانەوەی جیبەجێکردنی قۆناغە سەرەکی و بنەرەتییەکانی رێرەوی کرداره جێبەجێکارییەکانی پرۆژەکە بن، بۆیە ئەبێت راپۆرتەکانی بەدواداچون ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەخۆبگرن:

+ رونکردنەوەی ئەوچالاکییەی کەبدواداچونی بۆکراوە.
+ رونکردنەوەی ئامانج لەپرۆسەی بەدواداچوندا.
+ تۆمارکردنی هەرشتێك کەبینراوەو تێبینیکراوە لەشوێنی ئیشکردندا.
+ ئەودەستکەوتانەی کەبەدیهاتون.
+ ئاستەنگەکان و روبەروبونەوەکان (چالینجەکان).
+ رونکردنەوەی هەرلادانێك کەلەپرۆسەی جێیەجێکردنەکەدا رویداوەو هۆکارەکانی.
+ پێشنیارو راسپاردەکان.

## نمونە(کلیشە ): راپۆرتی بەدواداچونی پرۆژەی .....................

أ- شوێن/ شوێنەکانی سەردانیکردن:
ب- بەرواری سەردانیکردنەکە.
ت- ئەوکەسەی سەردانەکەی کردوە.
پ- ناوی پرۆژەکە.
ج- پێشەکییەك و کورتەیەك لەسەر پرۆژەکە.
ح- ئامانج لەسەردانیکردنەکە.

خ- شێوازەکانی پەیڕەوی سەردانیکردنەکە.

د- دەرهاویشتەکان و ئەنجامە بەدەستهاتوەکان.

ژ- گفتوگۆی سەرکەوتن لەم پرۆژەیەدا.

ر- هەنگاوەکانی راستکردنەوەو راسپاردەکان بۆپرۆژەکە، هەرەشە پێشبینیکراوەکان.

ز- کۆتایی.

## ئامادەکردن:

بۆئەم راپۆرتە پێداچونەوەکراوە لەرێگای:

بەروار:

سیفەت و تایبەتمەندییەکانی کەسی بەدواداچو:

سیفەتە پیشەگەرییەکانی کەسی بەدواداچو:

- پێویستە زۆر بەباشی بەرپرسیاریەتییەکانی خۆی بزانێت.
- پێویستە بەپێی پێویست شارەزاو راهێنراو بێت.
- پێویستە زانیارییەکی تەواوی لەسەر پلانی چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەو ئامانجەخوازراوەکانی هەبێت.
- پێویستە سەرراست و جێگای متمانە بێ دەربارەی هەمو ئەو زانیاری و داتایانەی کەدەستی ئەکەوێت و بۆسەروی خۆی یا لایەنی پەیوەندیداری بەرز ئەکاتەوە.

## ڕۆڵ و بەرپرسیارەتییە گشتییەکانی کەسی بەدواداچو:

- چاودێریکردنی پێناوە(مدخلات) ڕەخساوەکان بەدرێژایی قۆناغەکانی جێبەجێکردن و خەملاندنی ئاستی بەدستهێنانیان بەبڕی گونجاو و کوالیتی بەرزو لەکاتی خۆیدا.
- چاودێریکردنی چالاکییە جێبەجێکراوەکان بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی جێبەجێکردن و دەرهاویشتەی هەرقۆناغێك بەتەنهاو ئەنجامەکانی.
- چاودێریکردنی ئەوەی کەئاخۆ (مودخیلات و موخرجەکانی) پرۆژەکە ئەگاتە دەست ئەوخەڵکەی کەکراونەتە ئامانج و مەبەستی پرۆژەکە لەکاتی خۆیدا.
- دەستەبەرکردنی داتاو زانیاری لەبارەی پرۆژەکەوە بەجۆرێك کەیارمەتیدەر بێت بۆدەرکردنی بڕیاری تایبەت بەزیادکردنی کاریگەریی و شیاوی پرۆژەکە.

## سیفەتی کەسی ئەو کەسە سەرکەوتوەکان:

- چالاکی و پابەندبون.
- خۆراگر.
- پشودرێژ.
- خاکیبون.
- کۆڵنەدەر.
- گەشبین.
- بەسەلیقە.

- دوربین.
- هۆشیار.
- ڕەفتار نەرم.
- بەراستی گرنگیدان بەتاکەکان.
- کارکردن بەروحیەتی هەرەوەزی( تیم وۆرك).
- یەکڕاو خۆدورگرتن لەرارایی و دوڵی.
- جیاوازی نەکردن لەنێوان کارمەندەکاندا.
- دەستگرتن بەبەهاکانی ئاکارەوە( ئەخلاقییەکان).
- ئامادەیی قەبوڵکردنی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن.
- ئامادەیی قەبولکردنی رەخنە لێگرتن.

## تواناکانی کەسی بەدواداچوی سەرکەوتو.

**پێویستە لەم بوارانەی خوارەوەدا تواناى هەبێت:**

+ هەڵبژاردنی کەسەکانی تیمی کار.

+ دارشتنی ئامانجەگشتی و دەستنیشانکراوەکانی تایبەت بەئیشەکە.

+ پلاندانان و رێکخستن.

+ پەیوەندیکردنی باش( کۆنتاکت).

+ بەتەنها هاندانی هەر تاکێك لەتاکەکانی تیمەکە.

+ فێرکردن و مەشقکردن.

+ رەخنەی بنیاتنەرو راستکردنەوە، دورکەوتنەوە لەپێکهەڵپژان و بەریەککەوتن.

+ فرە بڕیار.

+ گوێ رایەڵ.

+ پێوانەکردنی ئەدای کارو دەستکەوتەکان لەبەرامبەر ئامانجە دانراوەکاندا.

+ دەستنیشانکردنی یەکەمایەتییە(أولويات) گونجاوەکان و جێبەجێکردنیان.
+ کارکردن بەشێوەیەکی گاریگەر، ئەگەر لەژێر فشاریشدا بێت.

## توانای مامەڵکردن لەگەڵ جۆرەها شێوەی کەسێتیدا.

### ڕەفتارە سەرەکییەکانی کەسی بەدواداچوی سەرکەوتو:

کەسی بەدواداچوی سەرکەوتو کۆمەڵێك ئاکارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بنەڕەتی هەیە، وەك پشتگیریکردن و دەستگرۆیی کارمەندەکان و دەستەبەرکردنی بژاردەی جۆراوجۆر بۆیان و داواکردنی پابەندبونی کارمەندەکان بەئەرك و لێپرسراویەتییە جۆراوجۆرەکانیەوەو ڕێگادان بەرادەربڕین و ڕەخساندنی هەلی گوزارشت لەخۆکردن، بەڵام ئەبێت هاوسەنگییەك رابگرێت لەنێوان یارمەتیدان و پشتگیریکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی کارمەندەکان، هەروا جەختکردنەوە لەسەر راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی رون و راستەوخۆ، بۆیە هەڵسوکەوتە سەرەکییەکانی (ڕەفتارو ڕەوشتی) کەسی بەدواداچو ئەمانەی خوارەوە لەخۆ ئەگرێت:

- گرنگیدان و ڕەچاوکردن و پشتگیریی کارمەندەکانی.
- دەستپێشخەریکردن و هاندانی کارمەندەکانی.

### ڕەفتارە ڕێگرەکان لە پرۆسەی بەدواداچون و پێشخستنی ئەدای کرکردن:

- گومان و تورەیی و تۆمەتبارکردن.
- هەڕەشەو سزادان و رادەستکردنی کارمەند بەدەسەڵاتی سەروی خۆی لەدەستەی کارگێڕیی.
- یارمەتی نەدانی کەسانی دی( نەبونی روحی یارمەتی).
- گرنگینەدان بەپێداویستییەکانی کارمەندان و ئامانج ئاراستەکانیان.

- دروستکردنی کەشی دوژمنکارانە لەرێگای رەفتاری نابەجێوە، بەجۆرێك کەهەستی کارمەند بروشێنێت، یاهەراسانی بکات.

## هەنگاوەکانی پرۆسەی بەدواداچون بەمەبەستی پێشخستنی ئەداکان:

1- تێبینیکردن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەمەر ئەدای تاکەکان و گوێ لێگرتنیان.

2- شیکردنەوەی کێشەکانی ئەدای خراپ.

3- قسەکردن ( کۆمینت) لەسەر ئەداکان(فیدباك)

- بەدواداچون بۆئەداکان دوای قسەکردن لەسەریان(دوای کۆمێنتەکان).

## رۆڵی کەسی بەدواداچو لە پێشخستنی کارمەندەکاندا:

+ پرۆسەی رێنماییکردن.

+ پرۆسەی ئامۆژگارییەکان.

+ پرۆسەی روبەروبونەوە.

## ئامۆژگارییە هەرەگرنگەکان بۆقسەکردن لەسەر ئەداکان:

کۆیتکردن لەسەر رەفتارێك کەبینیوتە، نەك خوت هەڵتهێنجابێت (واتە لێکدانەوەی خۆت نەبێت).

1- باسی ئەوەبکە کەچیت بینیوەو هەستت بەچی کردوە، نەك ئەو بریارەی لەسەر بابەتەکەت داوە.

2- تیشك بخەرەسەر ئەو رەفتارەی کەئەکرێت بگۆردرێت ( ئەتوانیت بیگۆڕیت).

## هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان:

### پێناسەکردنی چەمکی هەڵسەنگاندن:

- بریتییە لەپرۆسەی پێوانەکردنی ئاستی سەکەوتنی پرۆژەیەك یا بەرنامەیەك لەگەیشتن بەو ئامانجانەی کەدارێژرابو .
- بریتییە لەپرۆسەی خەملاندنێکی قۆناغداری بەرەوپێشچونی هەنوکەیی پرۆژەیەك، یا ئەو پرۆژەیەی کەتەواو بوە، بەرەچاوکردنی ئامانجەکانی پرۆژەکە ئاماژەداراوەکان.

لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەبەستێت بەپێوانەکاریی(قیاس)، بۆیە ئاماژەکان بەرەگەزێکی سەرەکی دائەنرێن لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنداو لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەی کەپێویستیان بەهەڵسەنگاندن هەیە، دادەرێژرێن، هەندێك پێیان وایە کەبەدواداچون و هەڵسەنگاندن هەر یەك شتن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەبەدواداچەن بۆپرۆسەی جێبەجێکردن لەراستیدا وێنەیەکە لەوێنەکانی هەڵسەنگاندن.

## ئامانجەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن:

ئامانج یا مەبەست لەپرۆسەی هەڵسەنگاندن، هەلۆستەکردنە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- ئاستی هاتنەدی ئامانجەکانی پرۆژەکە.
- ئاستی گونجاوی ستراتیژی پرۆژەکەو چالاکییەکانی لەگەڵ ئامانجەکاندا.
- ئاستی گونجاوی ئامانجەکانی پرۆژەکەو شێوازی جێبەجێکردنەکەی لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگادا.
- ئاستی بەشداریکردنی کۆمەڵگای محەلی لەجێبەجێکردنی چالاکییەکانی پرۆژەکەدا.

- ئاستی ڕەچاوکردنی پرۆژەکە بۆرەخساندنی هەلی یەکسانی بۆ ژنان و پیاوان.
- ئاستی بەرەو تمیی پرۆژەکە.
- ئاستی کاریگەرێتی کارگێڕیی پرۆژەکە.
- ئاستی شیاویی بەڕێوەبردنی داهات و سەرچاوەکانی پرۆژەکە.

## گرنگیی هەڵسەنگاندن:

**هەڵسەنگاندن پێگەیەکی گرنگی هەیە لەهەر پرۆژەیەکی گەشەپێداناو گرنگییەکەشی لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی ئەنوێنێ:**

+ دەرخستنی هەرە سەرکەوتنەکان(دەستکەوتەکان) و ژێرکەوتنەکانی پرۆژەیەك.
+ دەرخستنی گۆڕانکارییەخوازراوەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانیان.
+ دەستەبەرکردنی زانیارییەکان و زۆرترکردنی شارەزاییەکان لەپێناو پلاندانان و دروستکردنی بڕیاردا.
+ بینینی دەستکەوتەکانی پرۆژەکەو پەندوەرگرتن لەوئەزمنانەی کەلەئەنجامی جێیەجێکردنی پرۆژەکە بەدەستهاتون.
+ پێشاندانی شیاوی و کاریگەرییەکانی ئەوهەوڵانەی دراون لەجێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، ئەمەش کاریگەریی ئیشکردن و باشترکردنی ئەداکانی لێ ئەکەوێتەوە.
+ بەشداریکردن لەبڕیاردانـدا لـەبارەی تـەواوکردنی ئیشـەکە یـا فراوانکردنـی قەبارەی پرۆژەکەو ئیشکردن لەسەر چەندین جێگرەوە(ئەلتەرناتیڤ)ی دی.
+ یارمەتیدان بۆدارشتنی پلانی باشتر بۆپرۆژەکان لەئاییندەدا، لەڕوی شێوازی کارکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانەوە.
+ گەیشتن بەراسترین بڕیارو هەڵبژاردنی گونجاوترین هۆکارو پێناو.
+ دەرخستنی لایەنە لاوازەکان و خۆلادان لێیان لەهەمانکاتدا دەرخستنی لایەنە بەهێزەکان و هاندانی کارمەندان بۆزیاتر خۆماندوکردن بەهۆی ئەنجامە پۆزەتیڤەکانی هەڵسەنگاندن.


بۆچی
هەڵسە
نگاندن
ئەکەین
ئەزمونوەرگرتن
بۆپلاندانان
بەبەشێوەیەکی
باشتر لەئایندەدا
پێوانەکردنی
دەستکەوتەکانی
پرۆژەکە
زانینی رێژەی
تێچو / دەستکەوت
بەرەو پێشچون
بەپێی ئامانجە
بۆدارێژراوەکانی
پرۆژەکە
مەزنکردنی
کاریگەریی
پرۆژەکە
دەستنیشانکرد
نی خاڵی
بەهێزو لاواز
ئەزمون
گۆڕینەوە
کۆکردنەوەی
زانیاری زیاتر
لەبارەی پرۆژەکە
چاککردنی
شێوازی
کارکردن

## ئاسەوارەکانی نەبونی هەڵسەنگاندن:

نەبونی رەگەزی هەڵسەنگاندن لەهەر پرۆژەیەکدا ئاسەوارێکی زۆر خراپ جێدەهێڵێت، بەرچاوترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

+ رادەستکردنی پرۆژەیەك کەئامانجە خوازراوەکانی خۆی نەبێکابێت.

+ دەستبلاوی لەبەکارهێنانی سەرچاوەکاندا بەهۆی هەڵبژاردنی پرۆژەیەکەوە کەناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت.

+ لاوازیی ئەدای کارمەندەکان.

+ پرۆژەکە چاوەروانی هیچ بەردەوامییەکی لێ ناکرێت.

+ ئەستەمە پرۆژەکە لەکاتی خۆیدا بگات بەئەنجامەکانی.

+ ئەو کێشانەی بەرەوروی پرۆژەکە ئەبنەوەو هۆکارەکانیان ئەستەمە بزانرێن و دواتریش توانای چارەسەرکردنیان نابێت.

+ بێتوانایی لەبەدواداچوندا.

## چی لە پرۆژەدا هەڵئەسەنگێنین؟:

- ئامادەکاریی بۆپرۆژە وەك (دامەزراندنی کارمەندان و مەشقپێکردنیان – کرینی کەل و پەل).
- هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان(رومالی یەکەم).
- پلاندانان ( دارشتنی ئامانج و ستراتیژ).
- چالاکییەکان( سەردان – سیمینار).
- پراکتیزەکردن و بەکارهێنان.
- کاریگەرێتی پرۆژەکە لەسەر کۆمەڵگا.

## ئەوکەسانە کێن کە پێویستیان بەهەڵسەنگاندنە :

- ئەندامانی کۆمەڵگا کەبەشدارن لەپرۆژەکەدا.
- ئەوکەسانەی پرۆژەکەیان پێ نەگەیشتوە.
- ئەوانەی کەلەپرۆژەکەدا کار ئەکەن.
- کارگێرپی ئەو دامەزراوەیەی پرۆژەکە ئەنجام ئەدات.
- ئەولایەنەی پارەی داوە (ممول).

## جۆرەکانی هەڵسەنگاندن :

هەڵسەنگاندن چەندین جۆرو شێوازی هەیە، کەبەپێی پێوەرو پێودانگی جیاواز دەستنیشاندەکرێن، وەك: کاتی هەڵسەنگاندن و جۆری ئەو زانیارانەی کەداواکراون و تیمی هەڵسەنگاندنەکە.

یەکەم: هەڵسەنگاندن بەپێی کات:

- هەڵسەنگاندنی پێشوەخت.
- هەڵسەنگاندنی قۆناغدار.
- هەڵسەنگاندنی نیمچە قۆناغدار.
- هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

## دوەم : جۆری زانیارییەکان :

- هەڵسەنگاندنی چەندایەتی.
- هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی.
- هەڵسەنگاندنی جۆرایەتی.

## سێیەم : تیمی کارگردن :

## * هەڵسەنگاندنی محەلی.

| جیاوازییەکان | خەوشەکان |
|---|---|
| بەئاسانی پەنابردن بۆهاوپیشەکان | دیدی دیاریکراوو دوبارەبو لەئەنجامی تێکەڵبون بەپرۆژەکە. |
| خێرایی لەئەدادا. | لایەنگریی و موجاملەکردنی نابابەتیانە |
| کەمترین تێچو | دوبارەبونەوەی شێوازە کۆنەکان. |
| بەباشی ئاگاداری پرۆژەکەیەو رەفتارو بۆچونی کەسایەتی تاکەکانی لەپرۆژەکەدا کار ئەکەن شی ئەکاتەوە | لەوانەیە بیر لەدەستکەوتی تایبەت بکاتەوە |

## هەڵسەنگاندنی دەرەکی.

| جیاوازییەکان | خەوشەکان |
|---|---|
| بواری دەستکەوتنی بۆچونی بێلایەنی لەراستییەوە نزیك. | بەلای تێچوی زیاترو کاتی زیاتردا ئەچێت.<br>ناتوانرێت بەشێوەیەکی دەوری بەکاربهێنرێت. |
| ئەتوانێت دیدێکی نوێی بەرنامەکە ببینێ. | کاتێکی زۆری ئەوێت تا شارەزای بەرنامەکەو رەفتاری تاکەکان ببێت. |
| ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە کاریگەریی لەسەریان نابێت. | |
| شارەزاییەکی باشی لەشێوازەکانی هەڵسەنگاندندا هەیە. | |

## هەڵسەنگاندن بەبەشداریکردن.

### چوارەم : تەوەری هەڵسەنگاندن :

- هەڵسەنگاندنی گاریگەرییەکان.
- هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە.

## گرنگیی پلاندانان لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا :

- بژاردەی یەکەمینەکان(أولویە)و ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن.
- دەستنیشانکردنی رێگاو شێوازەکانی بەکار ئەهێنرێن.
- دەستنیشانکردنی ئەوی پێویستە بکرێت بەدوورودرێژی.
- دەستنیشانکردنی رۆڵی هەر تاکێك لەپرۆسەی هەڵسەنگاندندا.
- دەستنیشانکردنی کاتی هەڵسەنگاندن و چەندیشی تێئەچێت.
- دیدی چونیەتی بەستنەوەی بەشەکانی هەڵسەنگاندن بەیەکەوە.
- زیاترکردنی شارەزایی و پلاندانان و رێکخستن لەلای کارمەندەکان.

| 1- کاتدانان بۆهەڵسەنگاندن | 2- هەڵسەنگاندن بەپێی جۆر | 3- تەوەری هەڵسەنگاندن | 4- تیمی کار |
|---|---|---|---|
| ✶ هەڵسەنگاندنی پێشوەخت | ✶ هەڵسەنگاندنی چەندایەتی | ✶ هەڵسەنگاندنی عەمەلی | ✶ هەڵسەنگاندی محەلی |
| ✶ هەڵسەنگاندنی قۆناغدار | ✶ هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی | ✶ هەڵسەنگاندنی کاریگەر | ✶ هەڵسەنگاندنی دەرەکی |
| ✶ هەڵسەنگاندی نیمچە قۆناغدار | | | ✶ هەڵسەنگاندنی هاوبەش |
| ✶ هەڵسەنگاندنی کۆتایی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ✶ تۆمارەکان | ✶ سیمینا رەکان | ✶ راپۆرتەکان | ✶ سکاڵاکان | ✶ پێشنیارەکان |
| ✶ سەردانەکا ن | وێنەکان* | ✶ تێبینی | ✶ نوسینەوەی داتاکان | ✶ رومالّ یا دیایکردن |



## راپۆرتی هەڵسەنگاندن

**دارشتنی پلانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەیەك :**

**فاكتەرەكانی پلاندانانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەیەك:**

1- ناوی پرۆژەكە:

+ **شوێن :**

+ دەستەی بەرپرس لەهەڵسەنگاندنەكاندا.

+ كەسی بێدەرپرس لەهەڵسەنگاندنەكەدا.

+ كێن ئەوانەی پێویستیان بەهەڵسەنگاندنە؟.

+ كەی پێویستیان بەهەڵسەنگاندنە؟.

+ زانیاریی دیكە:

1- ئامانجەكانی هەڵسەنگاندنەكە:

2- چۆن ئەنجامەكان بەكار ئەهێنرێن؟.

3- ئەو فاكتەرانە چین كەئەتەوێت هەڵیان بسەنگێنیت؟.

**ئەو داتاو زانیاریانە چین كەبەدوایاندا ئەگەڕێت و لەگەڵ سەرچاوەكانیاندا؟.**

4- سامپڵ(نمونە).

+ **هەمو سامپڵەكە.**

+ **ڕێژەی سامپڵەكە.**

5- شێوازەكانی كۆكردنەوەی زانیاریی.

6- لەكوێ داتاو زانیاریی كۆئەكرێنەوە؟.

7- كێ كاری هەڵسەنگاندنەكە رائەپەڕێنێ؟.

8- كەی هەڵسەنگاندنەكە ئەنجان ئەدرێت؟.

9- بودجە:

| ئاماژەکانی هەڵسەنگاندن | | |
|---|---|---|
| **ئاماژەی فەراهمبون** | **ئاماژەی بەکارهێنان** | **ئاماژەی توانا(جهد)** |
| ئەم ئاماژەیە دەری ئەخات کەشتەکە هەیە (بەردەستە) | ئەم ئاماژەیە دەری ئەخات تا چ ئاستێك بۆئەو شتە بەکاردێت کەبۆی دانراوە | دەرخستنی جۆرو قەبارەو توانا یا سەرچاوەکەی وەبەر هاتوە لەستکەوتنی ئامانجەکان |
| نمونە: بونی چاودێرێکی تەندروستی مێینە بۆهەر 50 ماڵ لەگوندێکدا ئاماژەیە بۆئاستی بونی چاودێری تەندروستیی مێنە لەگوندەکەدا.. | نمونە: ژمارەی ئەوکەسانەی تەوالێتی سەردمیانە بەکار ئەهێنن بەبەردەوامی کەتازەدروستکراون لەلایەن پرۆژەکەوە. | نمونە: ژمارەی پێویستی ئەو گەنجانەی لەگوندەکاندا ئەژین و داوایان لێکراوە لەپشوی هاویندا هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو پاککردنەوەی شەقامەکان بگرنە ئەستۆ. |
| **ئاماژەی گونجاو** | **ئاماژەی بەشکردن** | **ئاماژەی شیاو** |
| ئەم ئاماژەیە شتێك تاچەند گونجاوە پێشان ئەدات . | ڕێژەی یان ژمارەی ئەوانەی شتێکیان دەست ئەکەوێت لەنێوان ئەوانی پێویستییان بەشتەیە پێشان ئەدات . | ئەوەم پێشان ئەدات کەئاخۆ داهات و چالاکییەکان بەچاکترین شێواز بەکار هاتون لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکاندا |
| نمونە : ئاستی گونجانوی جۆریکی دەستنیشانکراو لەبنەچەی بزن بۆبەخێوکردن لەلایەن خەڵکی گوندێکەوە تاچەند گونجاوە لەروی لەوەڕو پلەی گەرماوی ناوچەکە . | نمونە: ژمارە یا ڕێژەی ئەو خێزانانەی سودمەند بون لەو پرۆژەی دروستکردنیبیری پیسایی ناو مالان بەبەراورد بەژمارەی لەگەڵ ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو گوندەدا ئەژین. | نمونە: ژمارەو ئاستی دوبارەبونەوەو جۆری سەردانی سەرپەرشتیارەکان کەئەنجامدراون دوای پەیرەوکردنی بەکارهێنانی هۆیەکانی قەلاچۆکردنی ئۆرگانی بۆبەرهەمە چێندراوەکان لەگوندەکەدا. |
| **ئاماژەی بەئاسانی** | **ئاماژەی جۆر (کوالیت)** | **ئاماژەی کاریگەرێتی** |

| | | دەستکەوتن |
|---|---|---|
| ئـەم ئامازەیـە ئـەنجامی کاریگـەریی چـالاکی و بەرنامەکە پیشان ئەدات. | ئـەم ئامازەیەیـە جـۆرو کوالیـت و ئاسـتی چـاکی شتێك پێشان ئەدات. | ئـەم ئامازەیـە ئـەوە رون ئەکاتەوە کەئایە ئەوانەی ئـەو شـتەی پێویسـتیانە بەئاسـانی بەدەسـتیان ئەگگات |
| نمونــە: کەمبونـەوەی حاڵەتـەکانی سـك چـون لەگوندێکدا پاش هەڵمەتی هۆشـیارکردنەوەی تەندروستی لەوانەیی ئامازە بێـت بەکاریگـەریی لەئەنجامی هەڵەتەکەوە. | نمونــە: کـولێرە(نـان) بەشـێوەیەکی پەسـەندو سرنجراکێش و بێ خەوش. | نمونـــة: بـــونی دایەنگەیـەکی نمونـەیی لەگوندێکـدا لەوانەیـە هەمموخێزانێك سودی لێ نـەکات لەبـەر دوری بینایـەی دایانگەکـە یـان زۆری پارەی مانگانەکەی |

## سامپڵ:

شـێوازی سـامپڵ، واتـە وردبونـەوە لەبەشـێکی شـتێك لـەپێناو بەدسـتهاتنی زانیاریی زیاتر لەسەر کۆی ئەوشتە.

نمونە: ئەگەر ویستت تامی خواردنێك بکەیت، ئەتوانیت تـەنها کەوچکێك لـەو خواردنە بخۆیت بەمەستی تامکردنی و پێویست ناکات هەموی بخۆیت.

بۆچی پێویستمان بەشێوازی سامپڵە لەکاتی روماڵکردندا:

ئەسـتەمە بتوانرێـت زۆربـەی کارەکـان لـەکاتی رومـاڵکردنی شـوێنێکدا هـەمو تاکـەکان یـا خێزانـەکان یـا تویـژو دەسـتەو تاقمێـك لەکۆمەڵگایەکـدا بەسـەر بکرێنەوە، رەنگە بەهۆی زۆری ژمارەوە بێت یا نەبونی کاتی پێویست یا کـەمی ژمـارەی کارمەنـدانی پێویسـت لـەکاتی ئـەو روماڵکردنـەدا تـا بتـوانن هـەمو

ئەوخەڵکە بەسەر بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوەش لەبەر داستدابو، بەڵام هەرناکرێت، چونکە تێچووەکەی زۆر ئەوەستێت، بۆیە بەبەکارهێنانی شێوازی سامپڵ ئەکرێت بیرۆکەی گونجاوو راستودروست لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا بەدەست بێت.

## چۆنیەتی هەڵبژاردنی سامپڵ:

شێوازی هەڵبژاردنی سامپڵ ئەوەستێتە سەر مەبەست لەوخوێندنەوەیەو هەروا، کەکێش بەشداریی تێدا ئەکات.

## جۆرەکانی سامپڵ:

1- سامپڵی رێکخراو.
2- سامپڵی رەمەکی سادە.
3- سامپڵی رەمەکی چین چین.
4- سامپڵی رەمەکی فرە قۆناغ.
5- سامپڵی هێشویی یا سامپڵی گروپەکان.
6- شامپڵی بەش.

ئەو رێگایانەی لەپرۆسەی هەڵسەنگاندا ئەگیرێنە بەر:

یەکەم: رێگای زانستی ئاستی پێشکەوتنی پرۆژەکە:

پشت ئەبەستێت بەئەمانەی خوارەوە:

+ ئەوەی لەماوەیەکی دەستنیشانکراودا تەواوکراوەو ئاستی بەرەوپێشچونەکەی لەبەستهاتنی ئامانجەکانی پرۆژەکە هاتۆتەدی و داتاو زانیارییەکانیش لە( بەرهەمهێنان، راپۆرتەکانی دارایی و گارگێریی، پرۆسەی هونەری و

ڕێکخستنەکان)دا بەکار ئەهێنرێت، ئەمەش لەپێناوی زانینی کێشەو ئاستەنگەکان و پلاندانانی پێشوەختە بۆکارکردن.

+ بەم ڕێگایە ئاستی سەرکەوتویی پرۆژەکە لەبەدەستهاتنی یا جێبەجێکردنی پلانی داڕێژراومان بۆرون ئەبێتەوە، هەروا ئەبێتە یارمەتیدەر لەداهێنانی بیرۆکەی نوێدا لەپێناوی ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەکدا، ئەگەر پێویستی کرد.

+ ڕێگای زانینی ئاستی پێشکەوتنی پرۆژە گرنگی ئەدات بە:

- ئامانج و مەبەستەکانی پرۆژەکە.
- جۆری ئەو چالاکی و کارانەی کەتەواوکراون و ناوەرۆکی ئەوئەنجامەنەی کەنیشاندەری ئەون.
- ئەو کێشە هونەریی و تەکنیکیانەی کەلەماوەی کارکردن لەپرۆژەکەدا دەرکەوتون.
- کیشەکانی ڕەفتاری کارگێڕیی.
- ئەو پێداویستیانە چین کەهاتونەتە دەست یا نەهاتونەتە دەست لەوپرۆژەیەدا کەلەبواری جێبەجێکردندایە؟.

## دوەم: ڕێگای بەسەرداچونەوەی پرۆژە/ پرۆگرام:

+ ئەم ڕێگایە تیشك ئەخاتە سەر: لایەنەکانی ڕێکخستن و لایەنەکانی کارگێڕیی.

+ پەیوەندییەکانی نێوان بەشە(کەرتە) پێکهێنەرەکانی پرۆژەکە/ پرۆگرامەکە رون ئەکاتەوە.

+ ڕێگای بەسەرداچونەوەی پرۆژە/ پرۆگرام گرنگی ئەدات بە:

- ئامانجە گشتییەکانی پرۆژەکە.
- دوبارە دەستنیشانکردنەوەی پێداویستییەکان.
- یەکەمایەتییەکانی (أولويات) دەستە یا کۆمەڵگای محەلی.

- خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دارشتنی پرۆژەکە.
- دەروازە جیاوازە رەخساوەکان لەپێناو هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان.

## سێیەم: ڕێگای هەڵسەنگاندن بەگوێرەی واقیع:

+ ئەم ڕێگایە تیشك ئەخاتە سەر: ئەوكەسەی كەهەڵسەنگاندن ئەكات لەگەڵ ئەو تیمە یا دەستەیەی لەپرۆژەكەدا كار ئەكەن، بۆئەوەی لەپێناوی چاكترکردنی ئاراستەی کارکردن و دانانی پلانێك بۆهەر دەستکاری و گۆڕانکاریەك كەپرۆژەكە بیخوازێت کاربکات.

+ ئەم ڕێگایە: دەستکاری و گۆڕانکارییەکانی پلانی پرۆژەکە یا پرۆگرامەکە، کەئەیخوازێت رون ئەکاتەوە.

لەهەمانکاتدا ڕێگای هەڵسەنگاندن بەگوێرەی واقیعەکە گرنگی ئەدات بە:

- ئاستی هاتنەدی ئامانج و مەبەستەکانی پرۆژەکە.
- بەرهەمهێنی و کێشە هونەرییەکانی (تەکنیکییەکان).
- سیستمی دارایی و ژمێریاریی.
- پەیوەندییەکانی کارگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی ڕێکخستن.
- بوکارهێنانی سەرچاوە رەخساوەکان (فەراهمەکان) بەشێوازێکی نوێ.
- بڕیاردان و پەیوەندی بەستن بەپرۆژەکەوە.
- ئاستی رەزامەندی بەتیمی کارو کۆمەڵگاو ئەو دەستەو لایەنانەی کەپارەدەرو یارمەتیدەرن.
- کارئاسانی و سادەیی.
- چۆنیەتی بەکارهێنانی کات.
- ئاستی بەلێشاوهاتنی زانیاری و داتاکان.

## چوارەم: ڕێگای هەڵسەنگاندنی پوخت:

ئەم ڕێگایە تیشك ئەخاتە سەر:

+ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی داتاو زانیارییەکان بەکورتی و بەپوختی بۆئەو کارو چالاکییانەی کەتەواوکراون یا ئەنجامدراون لەپرۆژەکە یا پرۆگرامەکەداو نوسینی ڕاپۆرتێك لەبارەی سودو دەستکەوتەکانی ئەو پرۆژە یا پرۆگرامە دوای تەواوکردنیان.

+ ئەم ڕێگایە ئەوی پرۆژەکە پێی گەیشتوە لەڕێگای بەراوردکاریی نێوان بەئامانجکراو و ڕێگاکانی هێنادی و ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کەلەبەردەستدان و ئەکرێت پەیرەو بکرێن، ڕون ئەکاتەوە.

+ کورتەیەك لەبارەی سەرچاوە بەکارهاتوەکانەوە لەپرۆگرام یا پرۆژەکەدا.

+ شیکردنەوەی بەرهەم.

+ ئاستی سەرکەوتنی پرۆژەکە لەهێنانە دی ئامانج و مەبەستەکانی و چۆنیەتی هێنانەدیان.

+ ئەو گۆڕانکارییانەی کەتێبینیکراون.

ئەگەرەکانی بەردەوامێتی سودو قازانجەکان لەو پرۆژەو پرۆگرامانەدا.

+ ئەنجامەکان بەبەراورد بەتێچوەکان.

+ ئەلتەرناتیڤەکانی ئەو پرۆژەیەی کەلەجێبەجێکردندایە.

+ ئاستی شیاوی سیستمی تۆمارکردنی داتاو ڕانیارییەکان و گەیاندنی ڕاپۆرتەکان.

## پێوەرەکانی هەڵبژاردنی کۆکردنەوەی داتاکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن:

ئەبێت ئەو پێناوەی کەلەکۆکردنەوەی داتاکانی هەڵسەنگاندندا بەکار دێن، ئەم پێوەرانە لەخۆبگرێت:

- سادەیی.
- کردارەکی بون.
- جێگیریی و متمانە پێبون.

## نوسینەوەی را پۆرتی هەڵسەنگاندن:

ئـەبێت نوسـەر تایبەتمەنییـەکانی خەڵکەکـە لەبـەر چـاوبگرێت کاتێـك راپۆرتەکەیان بۆئەنوسێت، هەرچەندە داهێنان و نوسینی بەپێز گرنگە، بەڵام ئەبێت نوسەر خواستو پێویستییەکانی ئەوانەی راپۆرتەکەیان بۆ ئەنوسێت بکاتـە مەبەسـتی یەکـەم، بۆنمونـە: ئـەو شـێوازەی بەلایانـەوە پەسـەندە لەچۆنیەتی ئامادەکردنی راپۆرتەکاندا، بڕی ئەوکاتەی کەپێوەی خەریك ئەبن، هەروا ئەبێت گرنگی بدرێت بەشێوازو قەبارەو شێوەو قوڵیی راپۆرتەکە، هەروا ئـەبێت بیر لەچۆنیەتی دابەشکردنی راپۆرتەکە بکاتـەوە، بەتایبـەتی ئەگـەر راپۆرتەکە بابەتی هەستیارو نهێنی لەخۆ بگرێت، لەم بـارەدا رەنگە پێویست بکات کەبەچەند وێنەیەك بینوسێتەوەو تیایدا رەچاوی گۆڕینی شێوازی نوسینەکە بکات بەجۆرێك کەبگونجێت لەگەڵ هەمو ئەو لایەن و دەستانەی کەئەم راپۆرتەیان بەدەست ئەگات، بەهەرحاڵ ئەبێت ئەوکەسانەی کەزانیاریی و داتاکانیـان پێـداوین و ئەوانـەش کەپێویسـتییەکی راسـتەوخۆیان بەئەنجامەکانەوە هەیە، یەکەم کەس راپۆرتەکەیان بگاتەدەست، هەروا ئـەبێت ئەو کەس و لایەن و دەستانەش کەداوای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنیان کردوە شانبەشانی هاوپێشەو کارگێڕییەکان و کارمەندەکانی پرۆژەکە ئەو راپۆرتەیان بگاتـە دەست، لەکۆتاییشـدا ئـەبێت تێبینـی ئـەوە بکرێت کەئەو کەسانەی روماڵەکەیان لەسەرکراوەو لەبەشداربوانی پرۆژەکەن و خەڵکی کۆمەڵگا

محەلییەکانن، ئەبێت ئاگاداری ئەنجامی ئەو رومالٌ و هەڵسەنگاندنەبن کەبۆپرۆژەکەیان و کۆمەلٌگا محەلییەکەیان کراوە. چەندە زوتر ئەوئەنجامانەیان بەدەست بگات ئەوەندە باشترە.

## رەگەزەکانی نوسینەوەی را پۆرتی هەڵسەنگاندن:

1-لاپەڕەی بەرگ:

+ ناو و شوێنی جێیەجێکردنی پرۆژەکە.

+ ناوی ئەوانەی کەکرداری هەڵسەنگاندنیان ئەنجامداوە.

+ ناوی ئەولایەنانەی کەپەیوەندییان بەهەڵسەنگاندنەکەوە هەیە( وەزارەتەکان – دەستەکان ....).

+ ئەو ماوەیەی کەهەڵسەنگاندنەکە بردویەتی,

+ بەرواری تەواوبونی هەڵسەنگاندنەکە.

2- لیستی ناوەرۆك:

ئەبێت لیستی ناوەرۆك رون و رێك و لۆجیستیکیانە بێت، تا خوێنەر بەئاسانی بچێتە سەر ئەو بەشانەی کەلەراپۆرتەکەدا بەلایەوە مەبەستە.

3-پوختە:

پوختەی راپۆرتەکە وێنەیەکی کورتکاروەی پێکهاتەکانی راپۆرتەکە ئەدات بەدەستەوە، چونکە مەبەست لەهەڵسەنگاندن بۆبەرژەوەندیی، چی کراوەو چۆن و کەی و لەکوێ کراوەو گرنگترین ئەنجام و راسپاردەکان دەخاتە رو.

4-زانیارییە بنەڕەتییەکانی ناو ڕاپۆرت:
باکگراوندێك لەبارەی پرۆژەکەوە: ئامانجەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، کورتەباسێك لەبارەی ئەوەی کەی و چۆن بۆ، ئەم پرۆژەیە دەستی پێکرد، ئەو چالاکی و سەرچاوە سەرکییانە چین کەخراونەتە پرۆژەکەوە( زانیارییەکان لەنەخشەی پرۆژەکە، ڕاپۆرتی کارەتەواوکراوەکان، کۆنوسی کۆبونەوەکان، تد ... بەدست دێت).

5-مەبەست لەهەڵسەنگاندن و ڕێگابەکارهاتوەکان:
+ ڕونکردنەوەی مەبەست لەهەڵسەنگاندن و ڕێگا بەکارهاتوەکانی و دەستنیشانکردنی ئەو خەڵکەی کەهەڵسەنگاندنەکەیان لەپێناودا ئەکرێت.
+ ڕونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کەلەپشت پلانی هەڵسەنگاندنەکەوەن و ئەو ڕێگایانەش کەگیراونەتەبەر بۆدەستکەوتنی داتاو زانیارییەکان.
+ کێشەی ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن کەبەکار هێنراون هاوپێچ ئەکرێت، وەك( فۆرمەکانی، ڕونکردنەوە).
+ باسی ئەو ئاستەنگو کێشانە ئەکرێت کەهاتوەتە پێش وەك ( سەرچاوەی مرۆیی، لایەنی دارایی، لایەنی ڕێکخستن ...).

6-ئەو پەندانەی کەلەڕێگا بەکارهاتوەکانی هەڵسەنگاندندا سودیان لێ بینراوە.
+ لەکوێ و کەی زانیاری و داتاکان کۆکراونەتەوە، بەهۆی کێیەوەیە، ئەوڕێگایانە چین کەبەکار هاتون؟.
+ ئاستی ڕاستی و بەکەڵکهاتنی ئەم ڕێگایانە دوای بەکارهێنانیان.
+ زیادکردنی هەر بەرنامەیەکی کاتی یا خشتەیەکی تایبەت بەهەڵسەنگاندن وەك: پاشکۆ لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەدا.

+ باسکردنی ئەوەی کەچۆن کارمەندەکان و بەشداربوەکان لەو بەرنامەیەدا مەشقیان پێکراوە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن.

+ ئەتوانرێت باسی ئەو ئەنجامە بەدەستدارانەش بکرێت کەرەنگە بەهۆی هەڵسەنگاندنەوە روبدەن.

7-ئەنجامەکانی پرۆسەی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتاکان:

دوای شیکردنەوەی راستییەکان و ژمارەکان و زانیارییەکان کەوەرگیراون یا کۆکراونەتەوە، ئەتوانرێت خشتەو نەخشەو ئەنجانی تاقیکردنوەکان ئامادە بکرێت و بخرێتە ناو راپۆرتەکەوە.

+ ئەکرێت دواتر کلیشەی نوسراو لەبابەتی ریکۆردکراو لەسەر (سی دی) و وێنەی فۆتۆگراف بکرێت بۆراپۆرتەکە، ئەمانەش زۆربەی کات خاڵی دەستنیشانکراون و بەهیچ جۆرێکی تر ناتوانرێت رونبکرێنەوە.

+ بەکورتی باسی ئەو ڕێگایانە بکە کەلەشیکردنەوەی زانیاری و داتاکاندا بەکار هاتون.

8-دەرئەنجامەکان بریتین لە:

+ تا چ ئاستێك ئامانجەکانی پرۆژەکە هاتونەتە دی؟.

+ چی لایەنێکی پرۆژەکە ( پلاندانان، کارگێڕیی، بەدواداچون، مەشقپێکردن، چالاکییە مەیدانییەکان .....) بەباشی کراوەو کام لایەنیشیان پێویستی بە پێشخستن و چاکترکردن هەیە.

+ ئایە توانراوە سەرچاوەو تواناکانی پرۆژەکە چ مرۆیی یا ماددی بێت بەشێوەیەکی کاریگەر بەکار بخرێت؟.

+ لەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا پرۆژەکە چۆن گۆڕانی بەسەردا هات؟.

+ قازانج و تێچوی ئەم پرۆژەیە چییە؟.

+ چـی لەمـەودوای نزیـك و لەمـەو دوای دورو چـی بۆئاییـنـدەی پرۆژەکـە پێشبینی دەکریت ؟.

+ ئاسەوار یا ئەو گۆڕانکارییانە چین کەپرۆژەکە هێناویەتە کایەوە؟.

9-راسپاردەکان:

+-لەبەر رۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی کەپێی گەیشتویت، پلانـی کاری تۆچییە یا چی پێشنیار ئەکەیت؟.

+ چـۆن پلانەکـە جێبـەجێ ئـەکرێت ؟، بـەهۆی کێـوەو کـەی ؟.لیسـتێك بۆراسپاردەکانت دابنێ.

10-هاوپێچەکان:

نەخشە، خشتە، رونکردنـەوە، وێنـە، وێنـەی بـەرگ، نامـەکان، کلیشـەو فـۆرمی هەڵسەنگاندن .....

جیـاوازیی نێـوان بەدواداچـون و هەڵسـەنگاندن، هەنـدێك پێیـان وایـە کەبەدواداچون و هەڵسەنگاندن دوروی یـەك دراون، بـەڵام ئـەتوانین جیـاوازیی لەنێوانیاندا بکەین، ئەگەر بێتو بڵێین:

⭑ بەدواداچـون: بریتییـە لـەو هەڵسـەنگاندنانەی کەپەیوسـتە بەهـەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

⭑ هەڵسـەنگاندن: ئـەو کارەیـە کەپەیوەسـتە بەئاسـتی هاتنـە دی ئامانجـەکانی پرۆژەکە.

| تەوەرەکانی بەراوردابی | بەدواداچون | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|
| مەبەست | ئاستی جێبەجێکردنی چالاکییەکان بەپێی پلانی پرۆژەکە. | ئاستی بەدەستهاتنی ئامانجەکانی پرۆژەکە. |
| کاتدانان | پرۆسەیەکی بەردەوامە بەدرێژایی قۆناغی جێبەجێکردنەکە. | پرۆسەیەکی قۆناغدارە(لەنیوەی ماوەی پرۆژەکەدا یا لەکۆتایی پرۆژەکەدا یا لەدوای تەواوبونی پرۆژەکی بەماوەیەك لەکاتی هەڵسەنگاندنی گاریگەری پرۆژەکە.) |
| لایەنەنەکانی بەشداربو | کەسانی ناو پرۆژەکەو ئەولایەنانەی کەمامەڵەیان لەگەڵدا ئەکات. | لەبنەرەتدا کەسانێکن لەدەرەوەی پرۆژەکان و لەلایەن مموەلەکانەوە دەستنیشانکراون. |
| سودوەرگرتن | لەجێبەجێکردن و ئیدارەی داهاتەکانی پرۆژەکە. | لەجێبەجێکردن و ئیدارەی داهاتەکانی پرۆژەکە. پلانی پرۆژە نوێیەکان. پلان و جێبەجێکردنی پرۆژە هاوشێوەکان. |
| پەیوەندیی لەگەڵ قۆناغەکانی پرۆژەکە. | پلانە دارێژراوەکانی پرۆژەکە وەك وەك مەرجەعێکی بەدواداچون بەکار دێت. | لەهەمو قۆناغەکانی پرۆژەکەدا پلانندانان و جێبەجێکردن و بەدواداچون پراکتیزە ئەکرێت . |
| پەیوەندیی نێوان بەدواداچون و هەڵسەنگاندن. | • بەدواداچون زانیاری گرنگ بۆهەڵسەنگاندن دابین ئەکات لەسەر پراکتیزەکردنی پرۆژەکە بۆپلانە دارێژراوەکەی و ئەو ئەنجامانەی چالاکییە جۆراوجۆرەکان بەدەستیان هێناوە. | هەڵسەنگاندن پێشنیاری شێوازو کەرستە نوێیەکان بۆزیاترکردنی کاردانەوەی بەدواداچون ئەنجام ئەدات. |

USAID | العراق
من الشعب الامريكي

MercyCorps
Be the change



ICNL
The International Center for Not-for-Profit Law
المركز الدولي لقوانين منظمات المجتمع المدني

Internews
Local voices. Global change.

Mercy Hands
For Humanitarian Aid
جمعية أيادي الرحمة الأنسانية

PAO
Public Aid Organization